**وەزارەتی پەروەردە**

**ژمارە: ٤٠٣١ لە ٣/٣/ ٢٠١٩**

پاڵپشت بەحوکمەکانی برگەی(١) لەماددەی (دووەم) و ماددەی (یازدەم)ی یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراوە و ماددەی ( سی و سێیەم )ی یاسای قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠١٢ ئەم رێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد :-

**رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩**

**رێنمایی باخچەکانی منداڵان**

**بەشی یەکەم**

**ماددەی (١):-** مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە :-

١- **وەزارەت /** وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢- **بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی منداڵان/** بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی منداڵان لە دیوانی وەزارەت.

٣- **بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە /** بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە لە پارێزگا .

٤- **بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە /** بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە لە قەزا .

٥- **باخچە /** باخچەی منداڵان.

٦- **سەمیانی منداڵان /** بەخێوکاران وپەروەردەکاران.

٧- **ئەنجوومەنی سەمیانی منداڵان/** ئەنجوومەنی بەخێوکاران و پەروەردەکاران.

٨- **دەستەی فێرکاری /** بەڕێوەبەر و یاریدەدەر و مامۆستایانی باخچەی منداڵان.

**ماددەی (٢):-**

**أ- پێناسەی باخچەی منداڵان:**

دامەزراوەیەکی فێرکاری و کۆمەڵایەتیە بۆ منداڵانی پێش تەمەنی قوتابخانە دەکرێتەوە لەسەر بنەمای فێرکردن لەڕێگای یاریکردن. منداڵی ئاسایی لێ وەردەگیرێت کە توانای فێربوونی هەبێت وێڕای جیاوازی توانستەکانیان، بە لەبەرچاوگرتنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

**ب- باخچەی منداڵان لەسەر دوو بناغە دامەزراوە:**

**یەکەم:** پێناساندنی منداڵ بەکۆمەڵگەیەکی فراوانتر لەوەی کە دەیناسێت و کارامەیی تێکەڵبوونی پێدەبەخشێت.

**دووەم:** فێرکردنی منداڵ لەڕێگەی یاریکردن.

**ماددەی (٣):-** ئامانجە سەرەکیەکانی باخچە:

١- پەرەپێدانی گەشە وکەسایەتی منداڵ وبەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسان و دەوروبەر وکۆمەڵگە .

٢- ئامادەکردنی منداڵ بۆ قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی.

٣- یارمەتیدانی منداڵ لە بەرجەستەبوونی پێداویستییەکانی زانیاری و سەربەخۆیی و داهێنان.

٤- گەشەپێکردن و پەرەپێدانی منداڵ لەبوارەکانی سۆزداری و ڕەفتار و زمانەوانی وهەستی و جەستەیی .
٥- ڕێکخستنی کاروباری پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و ڕەخساندنی دەرفەت بۆئەوەی منداڵان ئەو چالاکیەی کە گونجاوە پەیڕەو بکەن.
٦- چێژ وەرگرتن لە یاری پەروەردەکاری و دڵخۆشکەر.

**ماددەی (٤):-**

١- هەیکەلی بەڕێوەبردنی باخچەکانی منداڵان پێکهاتووە لە:

**أ.** بەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی بنەڕەتی و باخچەکانی منداڵان لە دیوانی وەزارەتی پەروەردە.

**ب.** بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی منداڵان لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی فێرکردنی بنەڕەتی وباخچەکانی منداڵان.

**ت.** بەشی باخچەکانی منداڵان لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان.

**پ.** هۆبەی باخچەکانی منداڵان لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان.

٢- ئەرکەکانی هەیکەلی بەڕێوەبردنی باخچەکانی منداڵان لە وەزارەتی پەروەردە:

**أ.** دانانی پەیڕەو وئەو ڕێنماییانەی کە یارمەتی باشترکردنی ئەدا دەکات لە دامەزراوەکانی باخچەی منداڵان، و بەدواداچوونی جێبەجێکردنیان.

**ب.** دانانی مەرج و خالوساتەکانی(مواصفات) تایبەت بەباڵەخانە و کەل وپەلی پێویست بۆ باخچەی منداڵان.

**ت.** دانانی پلان بۆ پەرەپێدان و فراوانکردنی پرۆسەی فێرکردن لە دامەزراوەکانی باخچەی منداڵان.

**پ.** دیاریکردنی کاتەکانی دەوامی فەرمی لەدامەزراوەکانی باخچەی منداڵان.

**ج.** ڕێکخستنی کارەکان لەگەڵ ئەو لایەنانەی پەیوەستن بەڕاهێنان و مەشقکردن لەناوەوە و دەرەوەی وەزارەت، وکارکردن لەسەر بەرنامەی مەشقکاری بۆ مامۆستایان و چاودێرانی باخچەکانی منداڵان.

**ح.** پێشخستنی جۆرایەتی فێرکردن لەم بوارە بەهەژمارکردنی ئەم قۆناغە بە بنەمای فێرکردن و دروستکردن و بنیادکردنی منداڵ.

**خ.** کۆکردنەوەی زانیاری و ئامار دەربارەی دامەزراوەکانی باخچەی منداڵان.

**د.** کارکردن بۆ گەشەپێدانی گەشەی پیشەیی (التطوير المهني) لەجۆری کارکردن بۆ ئەو کەسانەی لەم بوارە کاردەکەن.

**ژ.** بڵاوکردنەوەی هۆشیاری پەروەردەیی لەڕێگای میدیاکان وکەناڵەکانی پەیوەندیکردن وگەیاندنی دیکە.

**ر.** سەرپەرشتیکردنی ( هونەری و کارگێڕی) بەسەر دامەزراوەکانی باخچەی منداڵان.

**ز.** سەردانی مەیدانی بۆ باخچەکانی منداڵان بەمەبەستی زانینی ئاستی جێبەجێکردنی یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە و ئامادەکرنی ڕاپۆرت بۆ سەردانەکان.

**س.** دیراسەتکردنی پرۆگرامی خوێندنی پێشنیازکراو بۆ باخچەی منداڵان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار لە هەڵبژاردنی پرۆگرامی شیاو بەم قۆناغە، و بەشداریکردن لە ئامادەکردن و پێشخستنی پرۆگرام و ئامرازەکانی مەشقکردنی تایبەت بە وەزارەت.

**ش.** بەشداریکردن لە کۆبوونەوە و سیمینار و وۆرك شۆپەکانی پەیوەندیدار بەباخچەکانی منداڵان و ئەنجامدانیان، بەمەبەستی باشترکردن وپێشخستنی جۆرایەتی لەدامەزراوەکانی باخچەکانی منداڵان
**ص.** دیاریکردنی ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەکانی باخچەکانی منداڵان و هەروەها ئەرکی میلاکی باخچەکانی منداڵان.
**چ.** دەرکردنی ڕێکسازی ( ظوابط ) تایبەت بە باخچەکانی منداڵان بۆ هەر تەوەرێك لەکاتی پێویست.
**گ.** بچێتە نێو ئەرکەکانی و بەدواداچوون و سەردانی بەش و هۆبەکان لەکاتی پێویست.
**ڤ.** بەشداریکردن لە لیژنە پەیوەندیدارەکان بە باخچەکانی منداڵان.
**ع.** هەر ئەرکێکی تر کە پێی ڕادەسپێردرێت لە بواری پسپۆڕیەکەی.
**غ.** پەیوەندی و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی و لۆکاڵی کە تایبەتن بە منداڵان، بەمەبەستی سوود وەرگرتن و شارەزابوون لەم بوارەدا.

**ماددەی (٥):-**

١- وەزارەت بەرپرسە لەدانانی سیاسەتی پەروەردەیی باخچەی منداڵان .
٢- بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزاکان کار لەسەر ئامادەکردنی پێویستییەکانی باخچەکان دەکەن و بەرپرسن لە جێبەجێکردنیان.

**ماددەی (٦):-**

دەکرێ لەکاتی پێویستیدا باخچەکانی منداڵان بە قوتابخانە بنەڕەتییەکانەوە بلکێندرێن لە باڵەخانە و دامەزراوەکانی دیکەدا بە پێی تایبەتمەندی خۆیان.

**ماددەی (٧):-** میلاکی باخچەی منداڵان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :

**١-** بەڕێوەبەر: بەم مەرجانەی خوارەوە دادەنرێت:
**أ.** پێویستە بڕوانامەی لە (دبلۆم) کەمتر نەبێت.
**ب.** پسپۆڕی لە بواری پەروەردەیی بێت.
**ت.** خزمەتی لە ( ٣ ) سێ ساڵ کەمتر نەبێت لە باخچەکانی منداڵان وەك مامۆستا.
**پ.** بەشداری خولی باخچەی منداڵانی کردبێت.
**ج.** هەموو دەسەڵات و جیاوکەکانی پلەی (بەڕێوەبەر)ی دەبێت.
**٢-**یاریدەدەر: بەم مەرجانەی خوارەوە دادەنرێت:
**أ.** پێویستە بڕوانامەی لە (دبلۆم) کەمتر نەبێت.
**ب.** پسپۆڕی لە بواری پەروەردەیی بێت.
**ت.** خزمەتی لە ( ٢ ) دوو ساڵ کەمتر نەبێـت لە باخچەکانی منداڵان وەك مامۆستا.
**پ.** بەشداری خولی باخچەی منداڵانی کردبێت.
**٣-** مامۆستایان: بەم مەرجانەی خوارەوە دادەنرێت:

**أ.** پێویستە بڕوانامەی لە (دبلۆم) کەمتر نەبێت.

**ب.** پسپۆڕیان لە بواری پەروەردەیی بێت.

**ت.** تەمەنیان لە (٤٠)ساڵ زیاتر نەبێت.

٤- چاودێر: بەم مەرجانەی خوارەوە دادەنرێت:

**أ.** بڕوانامەی لە (ئامادەیی) کەمتر نەبێت.

**ب.** بە فەرمانبەر هەژمار دەکرێت نەك مامۆستا.

**ت.** دەبێت پێش دەست بەکاربوونیان خولیان بۆ بکرێتەوە.

٥- فەرمانبەران: ژمارە و جۆری فەرمانبەران لە باخچەدا بەپێی پێویست دابین دەکرێت:

(توێژەری کۆمەڵایەتی، فریاگوزاری تەندروستی، ژمێریار، فەرمانبەری کۆمپیوتەر، پاسەوان، باغەوان، خزمەتگوزار، چێشتلێنەر، چاودێر، هتد...).

**ماددەی (٨):-**

چاودێریکردنی منداڵان لە پێشینەی ئەرکەکانی دەستەی فێرکاری و فەرمانبەرانە لەناو باخچەکانی منداڵان، بەمەبەستی پارێزگاریکردن لە ئاسایش وپاراستنیان، دابینکردنی دەرفەتی پەروەردەیی بۆ گەشە و پەرەپێدان و ئاڕاستەکردنی منداڵ و سەمیانانیش لەو چاودێریەدا لەدەرەوە بەشدار دەبن.

**بەشی دووەم**

**وەرگرتن و تۆمار کردن و دەوام کردن**

**ماددەی (٩):-**

**یەکەم:** ئەو منداڵانەی لە (١/١ تا ١٢/٣١)ی ئەو ساڵی خوێندن تەمەنی (چوار) ساڵ تەواو کردبێت لە ئاستی یەکەمی باخچە وەردەگیرێت.

**دووەم:** ئەو منداڵانەی لە (١/١ تا ١٢/٣١)ی ئەو ساڵی خوێندن تەمەنی (پێنج) ساڵ تەواو کردبێت لە ئاستی دووەمی باخچە وەردەگیرێت.واتە مەرج نیە منداڵ ئاستی یەکەمی باخچەی تەواو کردبێت بۆ وەرگرتنی لەئاستی دووەم.

**سێیەم:** بەدەر لەبڕگەی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیە بەهیچ جۆرێك منداڵ لەباخچەکان وەرناگیرێت.

**ماددەی (١٠):-** ئەو منداڵانەی لە باخچەکانی منداڵان وەردەگیرێن و ناویان تۆمار بکرێت، ئەو بەڵگەنامانەی خوارەوە پێشکەش دەکەن:

**یەکەم:** یەکێك لەو بەڵگەنامانەی خوارەوە کە تەمەنی منداڵ پشت ڕاست دەکاتەوە: (ناسنامەی باری شارستانی، گوزەرنامە(پاسپۆرت)، ناسنامەی ئەلکترۆنی، بەڵگەنامەی لەدایك بوون)، یان هەر بەڵگەنامەیەکی فەرمی تر.

**دووەم:** زانیاری لەبارەی منداڵ و خێزانەکەی ئامادە دەکرێت بەگوێرەی فۆرمێکی تایبەت کە وەزارەتی پەروەردە دایدەنێت .

**سێیەم:** پێویستە بڕوانامەی تەندروستی دروست تایبەت بە کوتانەکان بەپێی تەمەنی منداڵ هەبێت.

**ماددەی (١١):-**

ساڵانە کاتەکانی تۆمارکردن لەباخچەکانی منداڵان لە (٨/١٥) تاکو دەستپێکی ساڵی خوێندن دەبێت.

**ماددەی (١٢):-**

**یەکەم:** دەوامی دەستەی فێرکاری و فەرمانبەرانی باخچە بەپێی ساڵنامەی وەزارەت دەبێت .

**دووەم:** دەتوانرێت دەستپێکی دەوام کە لە بڕگەی (یەکەم) ئاماژەی بۆکراوە لەم ماددەیە بگۆڕدرێت لە باخچەی منداڵان لە گوندەکان بەگوێرەی پێداویستی و بارودۆخی خۆجێیەتی بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە لە پارێزگا، بەڵام دەبێت وەزارەتی پەروەردە لەوە ئاگاداربکرێتەوە.

**سێیەم:** دەوامی منداڵانی تازە وەرگیراو ڕێکدەخرێت لە میانەی ماوەیەك لە دوو هەفتە تێپەڕ نەكات لە دەستپێكی هاتنە دەوام بۆ ئاسانكاری سەرپەرشتیكردنیان لەلایەن مامۆستایانەوە وەك ڕاهێنانێك بۆیان لەسەر ژیان لە كەشێكی تازەدا.

**ماددەی (١٣):-** ماوەی چالاکی ڕۆژانەی منداڵان لە باخچەدا:

١- یەك دەوامی لە(پێنج) كاتژمێر كەمتر نەبێت بۆ ماوەی شەش ڕۆژ.

٢- دوو دەوامی(چوار)كاتژمێر بێت بۆ هەر دەوامێك بۆ ماوەی شەش ڕۆژ.

٣- دەوامی درێژخایەن لە(حەوت) كاتژمێر كەمتر نەبێت بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ.

**ماددەی (١٤):-**

١- ئەو باخچانەی كە دوو دەوامیان تێدایە تەنها یەك یاریدەدەری بۆ دادەنرێت، بەڵام بۆ دەوامی درێژخایەن پێویستە ڕێنمایی بۆ دابنرێت.

٢- بۆ هەر وێستگەیەكی فێركاری (دوو)مامۆستا دابین دەكرێت.

٣-لەكاتی نەبوونی مامۆستا، دەكرێت سوود لە وانەبێژ وەربگیرێ و كرێی وانەبێژی بۆ خەرج بكرێ بەپێی ڕێنماییەكانی وانەبێژی قۆناغی بنەڕەتی، بەمەرجێك پسپۆرییەكەی لەبواری باخچەی مندالان بێت.

**ماددەی (١٥):-**

دەستەی فێركاری باخچە لەگەڵ ئەنجومەنی سەمیانان هەماهەنگی دەكات بۆ ڕاپەراندن و ئەنجامدانی كارەكان .

## بەشی سێیەم
## دەستەی فێرکاری و کاروبارە کارگێڕییەکان

**ماددەی (١٦):-**

پێویستە دەستەی فێركاری لەباخچەكانی منداڵان بەپێی ڕێنمایی وەزارەتی پەروەردە و ڕێنماییەكانی سەرپەرشتیار ئەركی پەروەردەیی و كۆمەڵایەتی لەشێوەی ڕاهێنان و كتێب و بەڵگەنامە ئاراستەی مامۆستایان بكات.

**ماددەی (١٧):-**
دەستەی فێرکردن کاردەکات لەسەر دانانی پلانی ساڵانە و مانگانە و هەفتانە بۆ چالاکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی باخچە.

**ماددەی (١٨):-**
**یەکەم:** ئەندامانی دەستەی فێرکاری باخچەی منداڵان پەیوەست دەبن لەسەر پارێزگاریکردن لە هاتنە سەرکار.

**دووەم:** ئامادەبوون لە باخچە پێش وادەی دیاریکراو لەمەڕ چالاکی ڕۆژانە کە ماوەکەی لە (١٥) خولەك کەمتر نەبێت و مانەوەیان تاکو بەڕێکردنی منداڵان.

**سێیەم:** بەشداربوون لە چالاکیە کۆمەڵایەتییەکانی وەك کۆبوونەوەکانی دەستەی فێرکاری بە کەسوکاری منداڵان و بەرنامەکانی راهێنان کە لەلایەن بەرپرسانەوە ڕێك دەخرێن.

**ماددەی (١٩):** بەڕێوەبەری باخچە بەرپرسە لەم خاڵانەی خوارەوە:

**یەکەم:** دانانی پلانی ساڵانەی چالاکی پەروەردەیی کۆمەڵایەتی لە دەستپێکی ساڵی خوێندن و دابەش کردنی کارەکان بەسەر یاریدەدەر و مامۆستایان و چاودێران و فەرمانبەراندا، وا باشترە ئەو پلانە تاوتوێ بکرێت لەگەڵ دەستەی فێرکاری پاشان بڕیاری لەسەر بدرێت.

**دووەم:**ڕێنوێنی وئاڕاستەکردنی مامۆستا وفەرمانبەرانی باخچەی منداڵان بۆ جێبەجێکردنیکارەکانیان

**سێیەم:** بەدواداچوون و چاودێریکردنی تەواوی ئەرك و پلانی مامۆستایان و چاودێران لە باخچەدا و بەدواداچوون بۆ حاڵەتی منداڵان لە باخچەدا.

**چوارەم:** سەرپەرشتیکردنی خۆراکی منداڵان لەڕووی کوالێتی و تەندروستی.

**پێنجەم:** ڕێکخستن و پاراستنی تۆمار و نووسراوە فەرمییەکان و خشتەکانی باخچە.

**شەشەم:** ئامادەکردنی ڕاپۆرتی گشتگیر ساڵانە بۆ یەکەی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی لە ڕووی هەڵسەنگاندنی باری باخچەکە و دەستنیشانکردنی ڕاددەی جێبەجێکردنی پلانی باخچەکە.

**حەوتەم:** پارێزگاریکردن لە باڵەخانەی باخچە و کەل وپەل وپێداویستی و ئامرازەکانی فێرکردن تیایدا و هەروەها ڕێکخستنی کتێبخانە و ئاسانکاری بۆ سوود لێ وەرگرتنی.

**هەشتەم:** ڕێکخستنی پەیوەندی دەستەی فێرکاری بەسەمیانانی منداڵان و ڕێکخستنی کۆبوونەوە بۆ گۆڕینەوەی زانیاری وبیروبۆچوون بەمەبەستی بەدیهێنانی هاوکاری تەواو لەنێوان باخچە وماڵدا . ئەرکەکانی یاریدەدەر ومامۆستا و فەرمانبەرانی تر لەباخچەی مندالان بە ڕێکسازی ڕێك دەخرێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی منداڵان.

**ماددەی (٢٠):-** تۆمارەکانی باخچە:

**یەکەم:** تۆمارەکانی باخچە هەموو ئەو تۆمارانە دەگرێتەوە کە لە بڕگەی (پێنجەم) لەماددەی (نۆزدەهەم)ی لەم ڕێنماییەدا ئاماژەی بۆکراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. تۆمارگەی گشتی. (قیدالعام).
٢. تۆمارگەی کەل و پەلەکان (سجل الأثاث).
٣. تۆمارگەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی (سجل ألاشراف).
٤. تۆمارگەی دەستەی مامۆستایان.
٥. تۆمارگەی فەرمانبەران.
٦. تۆمارگەی وەرگرتە و دەرکردە.
٧. تۆمارگەی کۆبوونەوەی سەمیانی منداڵان.
٨. تۆمارگەی ناوی منداڵان
٩. تۆمارگەی تایبەت بە خەرجیاتی پارەی ناونووس.
١٠. تۆمارگەی چاکردنەوەی باخچە (پێداویستیەکانی باخچە).
١١. تۆمارگەی کەل و پەل و سوتەمەنی.
١٢. تۆمارگەی سەردانی بەڕێوەبەر بۆ مامۆستایان.
١٣. تۆمارگەی کۆبوونەوەی مامۆستایان/کۆبوونەوەی فەرمانبەران.
١٤. تۆمارگەی فرۆشگە(فرۆشتن وخەرجکردن) .
١٥. تۆمارگەی مەشق وڕاهێنان لەکاتی خزمەتکردن (خولەکان).
١٦. تۆمارگەی چالاکیەکانی مامۆستایان.
١٧. تۆمارگەی دابەشکردنی لێژنەی باخچە.
١٨. تۆمارگەی ئەو کەل و پەلانەی لەژوورەکاندا هەنە بە تەنیا.
١٩. تۆمارگەی سەردانی تایبەت.
٢٠. تۆمارگەی مۆڵەتی مامۆستایان و فەرمانبەران.
٢١. تۆمارگەی فەرمانی کارگێڕی (الأوامر الإدارية).
٢٢. تۆمارگەی تایبەت بە تەندروستی.
٢٣. تۆمارگەی سەردانی باخچەکان.
٢٤. تۆمارگەی ئاگادارکردنەوە (التبليغات).
٢٥. تۆمارگەی بنچینە و پەڕتووکخانە.
٢٦. تۆمارگەی دەوامی ڕۆژانە.
٢٧. تۆمارگەی ئامار و مێژووی باخچە.
٢٨. تۆمارگەی ڕێزلێنان.
٢٩. تۆمارگەی بۆنەکان.
٣٠. تۆمارگەی بریکاری (وەکالەت).
٣١. تۆمارگەی پلانی بەڕێوەبەر.
٣٢. تۆمارگەی ڕاهێنەران (المطبقين).
٣٣. تۆمارگەی گەشت و چالاکیەکانی باخچە.
٣٤. هەر تۆمارێکی تر کە پێویستە لەباخچەدا هەبێت.

**دووەم:** خشتەکانی باخچە کە لە بڕگەی (پێنجەم) لە ماددەی (نۆزدەهەم) لەم ڕێنماییەدا ئاماژەی بۆکراوە، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١- خشتەی چالاکیەکانی هەفتانە تایبەت بە وێستگە و ژوورەکانی باخچەی منداڵان.

٢- خشتەی ناوی منداڵان کە خشتە لاوەکییەکانی لێ دەبێتەوە بۆ هەر وێستگەیەك یاخود ژوورێك ، خشتەی سەرەکی لە ژووری کارگێڕی هەڵدەواسرێت و خشتە لاوەکییەکان لە وێستگەکاندا هەڵدەواسرێن لەو ژوورانەی کە بۆ چەند گرووپێك دابەش دەبێت.

٣- خشتەی دابەشکردنی کارەکانی مامۆستایان و چاودێران.

**ماددەی (٢١):-**

مامۆستایان بەشداری لەڕێکخستنی چالاکی پەروەردەیی وکۆمەڵایەتی دەکەن بەپێی ئەو بەرنامەیەی کەئەنجومەنی دەستەی فێرکاری دایدەنێ ولەلایەن بەڕێوەبەری باخچەوە ڕادەسپێردرێن لەو چالاکیانە و دابەشکردنی کارەکان بە جوانترین شێواز کە لەگەڵ ئەرکی پەروەردەیی بگونجێت.

## بەشی چوارەم

## ڕێکخستنی چالاکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی

**ماددەی (٢٢):-**

دەستەی فێرکاری باخچەی منداڵان کاردەکات لەسەر ڕێکخستنی چالاکی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی بە گوێرەی بنەمای زانستی و پەروەردەیی دروست و هەوڵ دەدات بۆ دابینکردنی توانای زمانەوانی و واتایی و گونجاندنی ئەم دەستەیە لەگەڵ پێداویستییەکانی منداڵان و ئاڕاستەکردنیان بەشێوەیەك دەستەبەری پێدانی توانایان بۆ بکات لە گەشەکردن و پێشکەوتنی کەسایەتییان لەهەموو لایەنەکانەوە لەوەدا بەشێوەیەك تایبەت ڕەچاوی ئەمانەی لای خوارەوە دەکرێت:

**یەکەم:** دابینکردنی ژینگەیەکی ئارام و تەندروست بۆ منداڵان لە باخچە.

**دووەم:**

• گەشەپێدان بە نەریت و ئاڕاستەی دروست و کەسایەتی سەرکەوتو و متمانە بەخۆبوون.

• جێگیربوونی پێداویستییەکان لە خۆراك و پۆشاك بەپێی ژینگەی گونجاو، گەشەپێدان بە پەروەردەی وەرزشی و هونەری و یارییە پەروەردەیی و چێژییەکان.

**سێیەم**: گەشەپێدانی ئارەزووی باڵای خۆشەویستی تێڕوانین و ئاشنابوون بە شتەکان و دۆزینەوەی لەلای منداڵان بەتایبەتی ناسینی ژینگەی دەوروبەر و پەیوەست بوون لەگەڵ پێکهاتەکانی ئەو ژینگەیە لە ڕێگەی سەرنجدان و تێبینیکردن و بەهرەمەندبوونیان بە کارامەییەکانی ژیان.

**چوارەم:**

أ- گەشەپێدانی کارامەیی هەستەوەری و جووڵەییەکان لەلای منداڵان دەبەسترێتەوە بەخۆشەویستی تێڕوانین و دۆزینەوەکان بەتایبەتی لە ڕێگەی تێبینیکردن و بەکارهێنانی هەستەوەرەکان.

**ب-** ئارەزووی دامەزراندن و دروستکردن لەڕێگەی تێبینیکردن بۆئەوەی کارامەییەکان بنە بنەما و ئامرازێك بۆ گەشەکردنی هزری وچاندنی ئاراستە دروستەکان ڕووەو بەکارهێنانی و پشت بەستن پێی وئاشنابوونیان بەوەی هەیە و بەرەو پەرەپێدانیان لەبوارەکانی زانستی لەداهێنان و دروستکردن بەگشتی.

**پێنجەم:** گەشەپێدانی کارامەیی لەزمانی نەتەوەیی لەلای منداڵان بە بیستن و قسەکردن و بە تێگەیشتن وتێگەیاندن، بیرکردنەوە وئامادەکردن لەدەستپێکی گوێگرتن وگوێ لێگرتنی باش تاکو قسەکردن وگفتوگۆکردن و چیرۆك و نواندن و دەوڵەمەندکردنی پاشخانی منداڵان لەو وشە وپێکهاتانەی لەهەڵبژاردنیدا ڕەچاوی ئاسانی وهۆگری و سەلامەتی وڕەوانبێژی بێت بۆ گەشەکردنی هزری و چاندنی ئاراستە دروستەکان ڕووە و بەکارهێنانی و پشت پێبەستنی لە پەرەپێدانی بیرکردنەوەیان و لەپەیوەندی کۆمەڵایەتی و لەئاگابوونی هۆشیاری نیشتیمانی و نەتەوەییان .

**شەشەم:** هەڵسەنگاندنی هەڵچوونەکان وحالەتەکانی ویژدانی لەلای منداڵان و پەروەردەکردنیان بەباشی وئاراستەکردنی لەدروستبوونی سۆزی دروست وتواناپێدانیان بۆ فراوانکردنی ئاسۆی بیرکردنەوەیان وگرنگی پێدانیان و خۆشەویستی و هاوکاریکردنیان لەچوارچێوەی کۆمەڵگە و نەتەوە وەك شانازیکردن بە سەروەریان و شکۆمەندییەکانی و ئەو سۆزە بکرێتە بنەما وئامرازێك بۆ گەشەکردنی هزری و چاندنی ئاراستە دروستەکان بەرەو خۆشەویستی خەڵکانیتر و دروستبوونی گیانی هاوڵاتیبوون و هۆشیاری نەتەوەیی، لەگەڵ گرنگیدان بە ئامانجە نەتەوەییەکان و خۆشەویستی نیشتیمان لەلای منداڵان.

**حەوتەم:** ئاشناکردنی منداڵان بە بەها جوان و دروستەکانی ئاکار و ئایینە پیرۆزەکان و ڕێزگرتن لەو بەهایانە لەڕێگەی ئەرك و بەرپرسیاریەتی.

**هەشتەم:** گەشەپێدانی کارامەیی هونەری لەلای منداڵان و ڕێنیشاندانیان بۆ چێژ وەرگرتن لە هونەرە جوانەکان لەوانەش (مۆسیقا وگۆرانی و سەما و وێنەکێشان وشانۆ) بۆ چێژ لێ وەرگرتن و هاوبەشیکردن لەداهێنانی بۆئەوەی بکرێتە بنەماو ئامرازێك بۆگەشەکردنی هزری و چاندنی ئاڕاستە دروستەکان بەرەو جوانی لە هونەر و سروشت و مرۆڤــــ .

**نۆیەم:** گەشەپێدانی ئارەزووە کۆمەڵایەتییەکان لەلای منداڵان وپەروەردەکردنیان لەسەر خۆشەویستی و ڕێککاری ودەست پێوەگرتنی لەسەر هاوکاریکردن لەگەڵ کەسانی تر، تێکەڵ بوون لەگەڵ کۆمەڵ و لەسەر کارکردن لەو چوارچێوەیە ، ئەوە بکرێتە بنەما و ئامرازێك بۆ گەشەکردنی هزری وچاندنی ئاراستە دروستەکان بەرەو کۆمەڵگە وپێشکەوتنی وداخوازییەکانی هاوڵاتی بوون بە بەرپرسیاریەتیەکانیەوە.

**ماددەی (٢٣):-**

دەستەی فێرکاری لە کۆششەکانی بۆ پەرەپێدانی کارامەییەکان و ئاراستەکردنیان لەلای منداڵان ڕەچاوی ئەوە دەکات وەك ئەوەی لەماددەی (٢٢/بڕگە ٣)دا هاتووە لەم ڕێنمایەدا، پرەنسیپی زانستی وپەروەردەیی بەخەسڵەتی تایبەت و ئەوەی قۆناغی منداڵیەتی لەخۆی دەگرێت لە حەز و ئارەزووی هەمەجۆر و جیاواز کە دەبێت هاوسەنگی و گونجاندن لە نێوانیاندا بکرێت، ئەوەش بەم ڕێگایانەی خوارەوە دەبێت:

**یەکەم:** گەشەپێدانی کەسایەتی و حەز و ئارەزووی منداڵ بۆ هاوبەشی کە کاریگەری هەبێت لە پەروەردەکردنی خودی خۆی.

**دووەم:** گونجاندن لەنێوان ئارەزووی منداڵان بۆ یاریکردن لەهەردوو فاکتەرەوە بۆ گەشەکردنی کەسایەتی خودی خۆی لەگەڵ پەیوەست بوون بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، فێربوونی بەها جێگیرکراوەکان لەگەڵ ڕەفتاری دروست بۆ بونیادنانی کەسایەتی بوێر و چاپوك لە ئاییندەدا.

**سێیەم:** گەشەی توانستی هزری، مەبەست لە توانستە هزرییەکان، وەك (وریایی،زانین،بەراوردکردن، چاوتێبڕین، هەستکردن، بیرکردنەوە، یادکردنەوە، هەڵسەنگاندن).

**أ.** بۆ گەشەکردنی توانستە هزرییەکان دەبێت پشت بەسترێت بە چالاکی و کارلێکردن لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵ و ئەو ژینگەیەی کە تیایدا دەژی.

**ب.** هەستەوەرەکان سەرچاوەی یەکەمن بۆ تێگەیشتن.

**ت.** ڕەچاوکردنی گەشەی هزری منداڵ لە سادەوە بۆ گران و ئاڵۆز، گونجاندن لە نێوان دەرکەوتنی توانا هەستەوەریە جووڵەییەکان لە قۆناغی منداڵی یەکەمدا و بکرێتە بنەمایەك بۆ پەیوەندیکردن بە شتەکان و سەرچاوەیەك بۆ زانیاری کە هەیە و لەنێوانیان ئارەزوو یان بۆ خەیاڵ و شێوەکردنی کاروبارە دوورەکان و بکرێتە بنەمایەك بۆ دروستبوونی بیرۆکە و داهێنان.

**چوارەم:** ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکی لەنێوان منداڵان لە بوارەکانی فرەیی گەشەکردن.

**پێنجەم:**ڕەچاوکردنی جیاوازی لە نێوان هەردوو ڕەگەز بەتایبەتی لەڕووی پێشکەوتنی کچان بەگشتی لەسەر کوڕان لە گەشەکردنیاندا لە قۆناغی یەکەمی منداڵی، هەوڵدان بۆ زاڵبوون بەسەر هەر ئاستەنگێك کە سەر هەڵدەدات بەهۆکاری پێویستی سروشتی یاخود هۆکاری پێویستی کۆمەڵایەتی و پێشکەشکردن و ڕەخساندنی هەلی ڕێککەوتن و گونجان لەنێوان منداڵان لەهەردوو ڕەگەز لەیەك باخچەدا.

**ماددەی (٢٤):-**

دەستەی فێرکاری کاردەکات بۆ تێگەیشتنی تایبەتمەندی کەسایەتی منداڵ و گەشەکردنیان بەوەی کە هەر منداڵێك تایبەتمەندی خۆی هەیە و هەوڵبدرێت بۆ تۆمارکردنی تێبینییەکان و کارکردن لەسەری.

**ماددەی (٢٥):-**

دەستەی فێرکاری هاوکاری لەگەڵ لایەنە تایبەتمەندەکان دەکات لە بواری تەندروستی قوتابخانەکان لەپێناو گرنگیدان بەکاروباری تەندروستی منداڵان لە باخچەدا و پەروەردەکردنیان لەسەر نەریت و ئاراستە دروستەکان تیایدا و بۆ خۆپارێزی لە نەخۆشیەکان.

**ماددەی (٢٦):-**

**یەکەم:** دەستەی فێرکاری لەڕێگەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کاردەکات بۆ دابینکردنی پێداویستییەکان (ئامرازەکان و هۆیەکانی فێرکردن)بۆ فێرکردنی منداڵان.

**دووەم:** دەستەی فێرکاری کاردەکات بۆ باش بەکارهێنان و گونجاندنی ئامێرەکان لەگەڵ پێداویستی پەروەردەیی و هەروەها چاککردنەوەو و پارێزگاری لێکردن لەسەر دروستکردنی هەندێکیان و پەرەپێدانی لەکاتی بوونی کەل و پەلەکان.

**ماددەی (٢٧):-**

دەستەی فێرکاری باخچە بەسەرپەرشتی لایەنی بەرپرس بەرنامەی چالاکییەکانی دەرەوەی ڕێك دەخات و ئەم بەرنامانەش لە باخچەکانی منداڵان لەنێوان خۆیاندا ڕێکدەخرێت و ئەوەی لەسەری کەڵەکە دەبێت لە بەرنامەی تاقیکراوە و لە کۆڕ و بازنەکانی خوێندن، ئەوەش بەسەرپەرشتی لایەنە بەرپرسەکان دەبێت.

**ماددەی (٢٨):-**

وەزارەتی پەروەردە پلانی پێویست دادەنێت بۆ ڕاهێنانی مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەمەبەستی تەواوکردنی شیاندنیان و پێدانی توانای بەدواداچوون بۆ پێشکەوتنەکانی زانیاری لە شێوازەکانی پەروەردەیی باخچەی منداڵان.

**ماددەی (٢٩):-**

سەرپەرشتیاری پەروەردەیی کاردەکات لەسەر بەهێزکردنی دەستەی فێرکاری لە باخچەی منداڵان و ئاراستەکردنیان و یارمەتیدانیان لە ڕێکخستنی پرۆگرامەکان، هەڵدەستێ بە ڕێکخستنی کۆڕ وسیمینار، بەشداریکردن لە ڕاهێنانی مامۆستایان لەکاتی ڕاژە و بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان و تێبینی و پێشنیارەکانی خۆی بە ڕاپۆرتی ساڵانە و گشتگیر پێشکەش دەکات.

**ماددەی (٣٠):-**

وەزارەتی پەروەردە بۆی هەیە باخچەکانی منداڵان بکاتە دامەزراوە، کە تاقیکردنەوە ولێکۆڵینەوەی تێدابکرێت و بکرێتە ناوەندێك بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەرنامانەی کە سروشتێکی نوێخوازی لەخۆدەگرێت، بانگهێشی دەستەکانی فێرکردن بکات بۆ بەشداریکردن تیایدا و بۆ ڕەخنەلێگرتن و پوختکردنی بەمەبەستی کارکردن لەسەر گشتاندنی ئەوەی باشە تیایدا.

**ماددەی (٣١):-**

دەستەی فێرکاری کاردەکات بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ سەمیانان بەمەبەستی گۆڕینەوەی زانیارییەکان لەبارەی منداڵەکانیانەوە وتایبەتمەندی گەشەکردنیان وئاشنابوون بە بارودۆخیان و پەروەردەکردنیان کە پشت بەست بکرێت بە تێگەیشتن لە کەسایەتییان و زانینی پێداویستیەکانیان لەم بوارەدا، وەك نمونە پەیڕەوی ئەم کار ڕاییانە دەکرێت:

**یەکەم:** بانگهێشتکردنی دایکان بە تایبەتی بۆ ئامادەبوون لە باخچە بۆ بەشداریکردن لە لایەنێك لە چالاکیەکانی، بەمەبەستی:

١- تواناپێدانی منداڵەکانیان تا هۆگری باخچەبن و هەستی متمانەکردنیان تیادا هەبێت بەتایبەتی لە ڕۆژانی یەکەمی پەیوەندیکردنی منداڵەکە بە باخچە.
٢- ئاسانکاری گۆڕینەوەی زانیاری و شارەزایی لەبارەی تایبەتمەندی منداڵەکانیان و ئاشنابوون بە پێداویستییەکانیان و کارڕایی گونجاو بۆ وەڵامدانەوەی.
٣- ئاگاداربوونیان لەشێوازی هاوچەرخ لەپەروەردەکردنی منداڵان وداوالێکردنیان بۆجێبەجێکردنی ئەو شێوازە.
٤- هۆشیارکردنەوەیان بە داخوازییەکانی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی بۆ چاکی خۆیان و چاکی منداڵەکانیان بەوەش باخچە دەبێتە ناوەندێك بۆ بڵاوکردنەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لە ژینگەکەیدا.

**دووەم:**ئەنجامدانی کۆبوونەوەی وەرزی لەگەڵ ئەنجومەنی سەمیانان یاخود لەگەڵ کۆمەڵێك لە سەمیانان

**ماددەی (٣٢):-**

دەربارەی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت:

**یەکەم:** وەرگرتن وتێکەڵکردنەوەی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە باخچەکانی منداڵان ودابینکردنی مافەکانیان وپەرەپێدانی تواناکانیان ودەستەبەرکردنی پێداویستییەکانیان بۆ گەشەپێدان و فێربوون و گرنگیدان بە کەسایەتی و بەهرە وتواناکانیان.

**دووەم:** دابینکردنی پرۆگرام و چالاکییە هەمەجۆرەکانی هونەری و وەرزشی بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە باخچەکانی منداڵان.

**سێیەم:** دابینکردن و گونجاندنی بینای باخچەکان لە هاتووچۆ ودانیشتن لەپۆلەکان و ئاودەست و ڕێڕەوەکان بەپێی پێداویستی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

**چوارەم:** دابینکردنی مامۆستای پەروەردەی تایبەت و ژووری سەرچاوە وتوێژەری کۆمەڵایەتی بۆ باخچەکانی منداڵان و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و ڕێنمایی پێویست بۆ ڕێزگرتن و سەرخستنی پرۆسەی پیادەکردنی ژیانی ئاساییان لەنێو باخچەکاندا.

**ماددەی (٣٣):-** جۆراوجۆر:

١- هەر منداڵێك لەدەوامی زستانە، ژمارەی ڕۆژانی نەهاتنی بۆ دەوام لە(٢٥) ڕۆژ زیاتر بوو بڕوانامەی دەرچوونی پێنادرێت.
٢- پرۆگرامی تایبەتییان بۆ ئامادە دەکرێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان لەوەزارەت بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی منداڵان.
٣- هیچ جۆرە تاقیکردنەوەیەکی بە نووسین بۆ منداڵان ئەنجام نادرێت.
٤- فۆرمێکی تایبەت ئامادە دەکرێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانی منداڵان کە هەموو زانیارییە کۆمەڵایەتی و تەندروستیی(جەستەیی و دەروونی و هزری منداڵ) لەخۆ بگرێت و گشتاندنی بۆ دەکات بۆئەوەی لەلایەن باخچەکانەوە پڕبکرێتەوە بۆ هەموو منداڵان.

٥- لەکاتی گواستنەوەی منداڵ بۆ باخچەکانیتر هەروەها کە دەردەچێت بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی، پێویستە وێنەیەك لە فۆرمی بڕگە (٤)ی سەرەوەی لەگەڵدا بنێردرێت.
٦- کەل و پەل و هۆیەکانی فێنککەرەوە و گەرم کەرەوەی سەردەمیانە بێت.
٧- کامێرای چاودێری پێویستە لە هەموو ژوورەکانی باخچەکەدا هەبێت.
٨- باخچەی مندالان پێویستە تۆڕی ئەنتەرنێتی هەبێت و تواناکەی لە (٢) مێگابایت کەمتر نەبێت.
٩- باخچەی مندالان پێویستە ماڵپەری تایبەتی خۆی هەبێت بەجۆرێك کە بەخێوکار لەشوێنی کاری خۆی لەڕێگەی ئەم ماڵپەرەوە بتوانێ چاودێری منداڵەکەی بکات.
١٠-دەکرێت سەمیانان هاوکاری باخچە بکەن لە دابینکردنی پێداویستیەکانیان بە مەرجێ ئەو هاوکاریانە لەڕێگەی ئەنجومەنی سەمیانانەوە بێت و دواتر لەتۆماری کەل و پەل تۆمار بکرێت.
١١-هەموو باخچە ناحکومیەکانی خۆماڵی پێویستە پابەندبن بەم ڕێنماییە سەرباری یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠١٢) قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومییەکان وە لەلایەن سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لە باخچەکانی منداڵان چاودێری دەکرێن.

**ماددەی (٣٤):-**

کار بەهیچ ڕێنماییەکی دیکە ناکرێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (٣٥):-**

ئەم ڕێنمایە لەرێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).جێبەجێ دەکرێت ٠

**د. پشتیوان صادق عبدالله**
**وەزیری پەروەردە**